# وەزارەتی دارایی مووچەی مانگی یازدەی پێشمەرگە و سەرۆکایەتییەکان دابەش دەکات



دوای 68 ڕۆژ لە دابەشنەکردنی مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێم بۆ مانگی 11ـی ساڵی ڕابردوو 2024، وەزارەتی دارایی حکومەتی ماوە بە درێژکراوی هەرێمی کوردستان مووچەی مانگی 11ـی ساڵی رابردوو دابەش دەکات.

هەرچەندە هەشت رۆژ لە ساڵی نوێداین (2025) و هێشتا فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان مووچەی دوو مانگی ساڵی رابردوویان وەرنەگرتووە، هاوکات وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم ئەمڕۆ چوارشەممە مووچەی مووچەخۆران بۆ مانگی یازدە دابەش دەکات.

لە ئەمڕۆ چوارشەممە مووچەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەروەها کارەبا و خوێندنەوی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەگەڵ یەکەی 70 و 80ـی پێشمەرگە، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و دەزگا نەوتییەکان و هێزی زێرەڤانی، لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.